گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue s5 2024
ID No. 2997 (PP 1-13)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.s5.1

توێژینەوە

# دڵوابەستەیی ژیان لای (سافی هیرانی) لە بەر ڕۆشنایی تیۆری (ڤیکتۆر فرانکل) توێژینەوەیەکی (مێژوویی وەسفی و کتێبخانە) ییە

**سیوان محمد تاهیر بیبانی/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

## پوختە

(سافی هیرانی) لە شیعرەکانیدا عەوداڵی دۆزینەوە و هاندان و تامەزرۆیی و دڵوابەستەییە بۆ ژیان لە پاڵ لایەنە ڕۆحییەکەی. هەوڵ دەدات ئەو بەربەستانە لاببات کەدەبنە هۆکاری نەگەیشتنی سالیک بە لایەنی ڕۆحی، کە بەرگە گرتنی ئازار و هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی، عیشقی ڕاستەقینە و باوەڕی تەواو و موتڵەقە بە خودا، هەروەها ڕێگاکانی گەیشتنن بە عارفییەتە لەلایەنی مەعنەوییەوە.

تێڕوانینی (سافی هیرانی) لە لایەنە عیرفانییەکەیەوە هاوتەریبە لەگەڵ تێڕوانینەکانی(ڤیکتۆر فرانکل) لە ڕوانگەی دەروونزانی لوگوتراپییەوە[1]. بۆیە لەم توێژینەوەیە بە ڕێگای میتۆدی وەسفی شیکاری لە جۆری کتێبخانەیی[1]، دڵوابەستەیی و ژیان لە شیعرەکانی (سافی هیرانی) لەسەر بنەمای چارەسەری دەرمانی و ڕوانگەی دەروونزانی لوگۆتراپی (ڤیکتۆر فرانکل) دەخرێتە ڕوو.

واتا دەرمانی و دڵ وابەستەیی لای (ڤیکتۆر فرانکل) و (سافی هیرانی) لە ناو ژیانی مرۆڤدا دێت و دەچێت، ئەم واتا بەخشینە بە ژیان لە ئەنجامی بوونی ئازارەوە بە دی دێت، لای (سافی هیرانی) بە دینداری و خواناسین بە دی دێت، چونکە بەرگەگرتنی ئازار لە ئەنجامی بوونی شەوق و ئارەزووی زۆرە بۆ گەیشتن بە یار، لە لایەکی ترەوە ئێش و ئازار و بەرگەگرتن هۆکارێکی گرنگە بۆ دڵوابەستەیی و ژیان.

CORRESPONDENCE
سیوان محمد تاهیر بیبانی
saewan,mt@gmail.com

پەسندکردن 2024/10/13
بڵاوکردنەوە 2024/10/ 15

**وشە سەرەکییەکان:**
سافی هیرانی،
عیرفان،
واتای دڵوابەستەیی و ژیان،
ڤیکتور فرانکل،
چارسەری دەرمانی.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

شیعرەکانی سافی هیرانی پڕە لە خۆشەویستی، لە پەیوەندی نێوان (سافی)و یار، نواندنی عەشق کە رەسەنایەتی (سافی) مان بۆ دەخاتە ڕوو، سۆفیگەری زاڵ بووە بەسەر شیعرەکانیدا ، هەوڵی داوە باشترین نمونەی عەشق پێشکەش بکات، عەشقێک کە ئازار بەخشە بۆ گیانی سافی، شیعرێک بەرەو ئیرشاد و کەماڵ هەنگاو دەنێت، رۆحی حەقیقەت دەخاتە روو، هەوڵ دەدات لەڕێگای زمانی شیعرەکانییەوە راستییەکانمان بۆ بخاتە روو.

دیوانە شیعرییەکەی (سافی هیرانی)لەسەرەتاوە تا کۆتایی، شیکردنەوەی عەشقە، عەشقێک کە مرۆڤ بوونی لە ناو خۆیدا دروست کردووە، لە لایەکی ترەوە بزربوونی کەسانی ترە لە ناویدا. ئامادەبوونی عەشق واتا ئینقیلابی رۆحی و دەروونی، گەیشتن بە سالیک، بە مەعشوق، هەموو ئەمانە بە ئاسانی بەدی نایات، بەڵکوو لەڕێگای ئازار چەشتن و بەخشینی واتا بە ژیانی خۆی دێتە دی. ئەمەش رێگایەکە بۆ گەیشتن بە قوتب، کە کاریگەری تەواوی لەسەر ژیانی (سافی هیرانی) هەبووە، هەر ئەم ئازار و چاوەڕوانییە، واتایەکی بە ژیانی بەخشیوە، ئەمە بۆتە هۆکارێک کە دەروونی لە منی درۆزن و هەر جۆرە خۆ بەگەورەزانینێک پاک بکاتەوە، هەر ئەمە رێگای ڕاستی بۆ روون کردۆتەوە و وایلێکردووە ببێتە مرۆڤێکی کامڵ و تەواو، ببێتە خاوەن کەسایەتیەکی تایبەت بە خۆی کە (سافی هیرانی)یە ، هەموو ئەمانەش بە هۆی بەرگە گرتنی ئازار و ئارامگرتن و بەخشینی واتا بە ژیان و عەشق و بەخشینی واتا بە دین درووست بووە.

(سافی هیرانی)یەکێکە لە عارف و خواناسەکانی نیوەی سەدەی نۆزدە و سەدەی بیستەم، بەرهەمی ئەو سروشتەیە کە تێیدا ژیاوە و گەورە بووە. پەیوەندییەک لە ئەندێشەی ئەمدا دەردەکەوێت، کە بە کەماڵ بوون لە جیهانی ماددیدا بەدیدێت، بۆیە بۆ بەردەوام بوون لە ژیان دەبێت واتا بە ژیانی خۆمان ببەخشین، ئەو واتا بەخشینە دڵوابەستەیی (سافی)پیشان دەدات بەرامبەر بە ژیان، چونکە ئامانجێکی هەیە دەیەوێت پێی بگات.

لە بەرامبەردا دڵوابەستەیی و واتا بەخشین لای (ڤیکتور امیل فرانکل)[1] سیستەمێکی دەروونییە ، چارەسەری دەروونی لەڕێگای واتاوە دەکات، بۆ ئەم سیستەمە لە لای (ڤیکتۆر فرانکل) یەک ئەنگیزە بوونی هەیە، کە ئەویش ئیرادەی پەیوەست بە واتایە، ئیرادەیەک دەتوانێت مرۆڤەکانی تر بخاتە ژێر کۆنترۆلی خۆیەوە. چونکە بۆ مانەوە لە ژیان ئەم سیستەمە واتاییە زۆر گرنگە، بێ ئەم سیستەمە بە لای (ڤیکتۆر فرانکل)ەوە ژیان هیچ واتایەکی نییە.

بۆ ئەوەی مرۆڤەکان ژیانیان واتای هەبێت هەوڵدان باشترین شتە کە بتوانن بیکەن، مرۆڤ بۆ پاراستنی تێڕوانینەکانی خۆی ئامادەیە فیداکاری بکات، بۆیە ئەگەر مرۆڤەکان بتوانن ئەو واتایەی کە بە دوایدا دەگەڕێن لە ژیاندا بدۆزنەوە و ئاشکرای بکەن ئەو کات دەتوانن هەرچی گلەیی ئازاری ڕۆحی و جەستەیی هەیە بەوپەڕی ئاسانییەوە باوەشی بۆ بکەنەوە.

لێکچوونی تیۆری (ڤیکتۆر فرانکل) کە چارەسەری دەرمانییە لە ڕێگای واتاوە و لە لایەکی ترەوە شیعرە سۆفیگەرییەکانی (سافی هیرانی) کە پڕە لە ڕەنج و ئازار و بەرگەگرتن و چاوەڕوانی، هۆکار بوو بۆ ئەوەی دڵوابەستەیی و ژیان لای (سافی هیرانی) لە ژێر تێڕوانینەکانی (ڤیکتۆر فرانکل) ئەنجام بدرێت. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیەش ئەوەیە کە << لە ژێر رۆشنایی تیۆری (ڤیکتۆر فرانکل)، دڵوابستەیی و ژیان لە شیعرەکانی (سافی هیرانی) کامانەن؟>>.ئەم پرسیارەش لە چوار چێوەی توێژینەوەکە وەڵام دەدرێتەوە.

بابەتەکانی ئازار، بەرگەگرتن و هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی، عەشق و دینداری وەکو گریمانەیەکی دەرروون ناسانەی پاڵپشت بە تیۆری (ڤیکتۆر فرانکل) کاریگەرییە دەروونییەکان و تامەزرۆیی بۆ ژیان دەخاتە ڕوو، کە ئەمەش لە ڕێگای چارەسەر دەرمانی (واتا)وە دەبێت ، کە بەخشینی واتایە بە ژیانی تاکەکس. زانستی لۆگوتراپی بابەتێکی نوێ و هەنووکەییە بۆ ئەدەبیاتی کوردی، بەکارهێنانی ئەم زانستە لایەنە شاراوەکانی دەروون و وابەستەیی (سافی هیرانی) بۆ ژیان لە شیعرەکانیدا روون دەکاتەوە. تازەیی ئەم تیۆرە و گرنگی لە لێکۆڵینەوەکان و پێگەی (سافی هیرانی) هۆکارێک بوون بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە.

لەلایەکی ترەوە لێکۆڵینەوەی دەروون ناسانە لەسەر (سافی هیرانی)ئەنجام نەدراوە، گرنگی ئەم بابەتەو تازەیی و گونجانی لەگەڵ تێڕوانینەکانی (ڤیکتۆر فرانکل) هۆکارێکی تری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەیە.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری لە جۆری کتێبخانەیی مان بەکار هێناوە.ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە چەمکی واتابەخشین بۆ دڵوابەستەیی و ژیان لە شیعرەکانی (سافی هیرانی) شیبکەینەوە، هاوکات پێکهاتەکانی بەرهەم هێنانی چارەسەری دەرمانی و ڕێکارەکانی دۆزینەوەی دڵوابەستەیی و ژیان لە دیوانە شیعرییەکی (سافی هیرانی) لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری (ڤیکتۆر

---

[1] (ڤیکتۆر فرانکل) (١٩٩٧- ١٩٠٥) پسپۆڕی تایبەت بە مێشک و دەمار و پزیشکی دەروونی و سەرۆکی بەشی مێشک و دەمار لە نەخۆشخانەی رووچیلد لە شاری ڤین

فرانکل) بخەینە ڕوو. ناسینەوەی چەمکی واتا و شادی و دڵوابەستەیی و ژیان نمونەی پراکتیکی عیرفان لای (سافی هیرانی)پیشان دەدات. سەرمەشق، واتا بەخشینە بە ڕەفتار، بەرپرسیارەتی، ئێش و ئازاری مرۆڤە، کە لەو ڕێگایەوە دەیەوێت بگاتە حەقیقەتی ڕەها، دەیەوێت بیسەلمێنێ کە گومڕا بون و بزربون لە دووری خودا دێتە ئاراوە.

گرنگی ئەم چارەسەرییە دەرمانییە لە ناو چوارچێوەی دەقە شیعرییەکانی (سافی هیرانی) خۆی دەردەخات و پێی ئاشنا دەبین.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەری سەرەکی پێک دێت کە پوختەی باس، پێشەکی، میتۆدی لێکۆڵینەوە دەگرێتە خۆ، تەوەری دووەم چەمکی ئیرادە بە ئاراستەی چارسەری دەرمانی لای (سافی هیرانی) و (ڤیکتۆر فرانکل) بە شێوەی بەراوردی باس دەکرێت. دواتر پێرستی سەرچاوەکان و ئەنجامی توێژینەوەکە و پوختە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دەخرێتە ڕوو.

## 1-شێوەکانی دڵوابەستەیی و ژیان لای (سافی هیرانی)[2] لە ژێر رۆشنایی تیۆری (ڤیکتۆر فرانکل)

واتا بەخشین بە ژیان و دڵ وابەستەیی لە شیعرەکانی (سافی هیرانی) ڕێگایەکن بۆ دۆزینەوەی واتاکانی ژیان، ئەو واتایانەی کە بە هۆی ئازارەوە بەدەست دێن. لە شیعرەکانی (سافی هیرانی) دا واتا بەخشین بە رەفتارەکانی، بەرپرسیارەتی، ئێش و ئازار دەبنە ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە ڕاستی و توانەوە لە زاتی ئیلاهی. ناسینی شیعرەکانی ئەو گرنگییە دەردەخات کە کۆمەڵە ڕەمزێک هەیە گوزارشتن لە درک کردنی (سافی هیرانی)بە ژیان و واتا بەخشین بەو ژیانەی تییدایە، کە ئەمەش بە هۆی ئازارەوە بە دەست دێت.

### 1-2. ئیرادەی ئاراستەکراو بە چارەسەری واتایی

(ڤیکتۆر فرانکل) (١٩٩٧- ١٩٠٥) پسپۆڕی تایبەت بە مێشک و دەمار و پزیشکی دەروونی و سەرۆکی بەشی مێشک و دەمار لە نەخۆشخانەی رووچیلد[3] لە شاری ڤین.(شولتس،[4] ١٣٨٨ ،ل.١٥٣). دامەزرێنەری قوتابخانەی چارەسەری دەرمانی واتایی(لۆگۆتراپی)یە.ئەو لە سەخت ترین قۆناخەکانی ژیاندا پەی بەوە بردووە کە مرۆڤەکان دەتوانن هەرچییەک یان شتائێکی بەنرخ لەدەست بدەن، مەگەر تۆکمەترین بنەماکانی ئازادی مرۆڤەکان، ئازادی هەڵبژاردن، شێوازی رەفتار یان شێوازی کاردانەوەکانی سەبارەت بە چارەنووسی خۆی و ئازادی هەڵبژاردەی خۆی بپارێزێت.(سەرچاوەی پێشوو، ل.١٥٤).

لە سیستەمی فیکری (ڤیکتۆر فرانکل) یەک هزر و ئەنگیزەی سەرەکی و بنەڕەتی بوونی هەیە، ئەویش((ئیرادەی ئاراستە کراوی واتاییە، کە هێندە تواناداره کە دەتوانێت هەموو ئەنگیزەکانی مرۆڤەکانی تر بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. ئیرادەی ئاراستەکراوی واتایی بۆ سەلامەتی دەروونی، ژیان، کەمترین مانەوە لە ژیان پێویستە، بۆیە لە ژیانێکی بێ واتادا هیچ دەلیلێک بۆ ژیان بوونی نییە))(سەرچاوەی پێشوو،ل. ١٥٩).

وەرگێرانی زاراوەی لۆگۆتراپی دەرمانی بە واتای ئامرازی واتایی دێت. هەروەها دەکرێت بە واتای چارەسەر بە هاوەڵی<<واتا>>وەرگێرانی بۆ بکرێت.( فرانکل، ١٣٨٨، ل. ١٣). لۆگۆتراپی جەخت لەسەر بنەمای واتای هەستی مرۆڤەکان و گەڕان بە دوای گەیشتن بە واتا دەکاتەوە. بنیاتی لۆگۆتراپی هەوڵدان و کۆششە بە مەبەستی هەڵێنجانی "واتا" لە ناو ژیان، کە سەرەکیترین وزەی بزوێنەری سوڕی ژیانی هەر تاکێکە.( فرانکل، ١٣٩٨، ل. ١٤٤-١٤٣).

لۆگۆتراپی لەگەڵ ژیان و واتای ژیان بە تەواوەتی تێکەڵ بە یەکتری بوونە، جۆرێک لە مرۆڤەکان لەگەڵ ئەم واتایە پەیوەندییەکی نزیک و تایبەتییان هەیە. لەم روانگەیەوەیە (ڤیکتۆر فرانکل) لە وتەیەکی تایبەت بە خۆیدا سەبارەت بە چەمکی لۆگۆس[5] دەڵێت: ((لە راستیدا "لۆگۆس" لە زمانی یۆنانیدا تەنها بە مانای "واتا" نایات، بەڵکوو زۆرجار بە مانای "رۆح" دێت. بابەتەکانی وەکوو: ئارەزووی بوونی ژیانێکی پڕ واتا یا ناکامی و سەر دەردی لە ئاکامی نەگەیشتن بە ئارەزووەکانی خۆی، هەمووی دەچێتە ژێر دەسەڵات و چوارچێوەی لۆگۆتراپی وە)).( فرانکل،١٣٩٨، ل.١٥٣). ئەو سەبارەت بە وەڵامی ئەوەی کە واتا چییە؟ دەڵێت: (( مەبەستم ئەوەیە کە بە جێگیری نامێنێتەوە، مەگەر وەک فرۆید دەڵێت: ئەو پێی وایە ئێمە مانایەکی پتەو یان ئایدیاڵێکی پتەومان هەیە کە دەستی پێوە بگرین)).(فرانکل، ١٣٩٨، ل.١٢١). بە تێڕوانینی ئەو ((ژیانی مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت لە هیچ بارودۆخێکدا بێمانا بێت و ئەم مانایە بێکۆتایە، ژیان و ئازار و مردنە، هەروەها بێبەش بوون و مردنیش دەگرێتەوە)) (فرانکل، ١٣٩٨، ل.١٢١). ئەگەر مرۆڤ بتوانێت ئەم

---

[2] (سافی هیرانی)هیرانی (١٨٧٣-١٩٤٢) ناوی تەواوی مستەفا عەلی مستەفایە، لە گوندی هیران ی سەر بە قەزای شەقڵاوە لەدایک بووە هەر لەوێش کۆچی دوایی کردوە.

[3] Rothschild

[4] Schultz

[5] << لۆگۆس>> لە زمانی یۆنانی بەمانای<< واتا>>دێت.

مانایە بدۆزێتەوە و ئاشکرای بکات و ڕێگایەک لەودیو بدۆزێتەوە، ئەوا لەبری ئەوەی شکۆمەندی بکات و گلەیی لە ناخۆشییەکانی ژیان بکات، دەبێت بەشێوەیەکی لۆژیکی بیریان لێبکاتەوە، جگە لەوەش ئێش و ئازارەکان قبوڵ بکات و بیگرێتە خۆی. ئەگەر قبووڵی بکەین کە ئامانجی قوتابخانەکانی دەروونناسی جگە لە بەختەوەری و خۆشی و شادی ناوەوەی ژیانی مرۆڤ هیچی تر نییە، دەبێت قبوڵی ئەوە بکەین کە هەوڵدەدەن ڕۆحی مرۆڤ لە ناڕەحەتی و دڵەڕاوکێ بەرەو ئارامی و شادی ببەن و لە پووچی و بێمانایی ڕزگاری بکەن، واتایەک بۆ ژیان و بیرکردنەوەکانی پێ ببەخشن. بێگومان مەودای قوڵ و بەرفراوانی ئەدەب، بەتایبەت ئەدەبی عیرفانیی، یەکێکە لە کاریگەرییە گرنگەکان بۆ بەدیهێنانی ئەم خواستە مرۆڤایەتییە. خواستی مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی ئارامی دەروونی لە ڕێگای بنەما دروونی و ڕۆحییەکانەوە دەبێت، ئارامی دەروونی پەیوەستە بە دەروونی مرۆڤەکانەوە کە زاڵبوونە بەسەر لایەنە سلبییەکانی بیرکردنەوەی کە لە هزریدا پەنهان کراوە. ئارامی ڕۆحی لە ڕێگای ئامرازە دینییەکانەوە دروست دەبێت، خواستییان دەهێنێتە دی و ئارامییان پێ دەبەخشێت. ئەمەش ئەو ئارامییەیە کە مرۆڤ دەیەوێت بەدەستی بهێنێت.

### 2-2. بەخشینی واتا لە شیعرەکانی سافی هیرانی.

بە گشتی (سافی هیرانی) لە شیعرەکانیدا چۆتە ناو جیهانی سۆفیزمەوە، لەلایەکی ترەوە خۆی پەیوەست کردووە بە جیهانێک کە رووکەشە، بێ واتایە، خەریکی ژیانێکی بێ بەرهەم و ژیانێکە کە پووچە، هەموو ئەمانە گرفتاری کردووە. شیعرەکانی زیاتر دەشکێتەوە سەر عەشق، و ئازار و نەگەیشتن بەیار، ئەمەش هۆکاری ئازارەکانی (سافی)یە.

(سافی هیرانی)هەوڵ دەدات لە ڕێگای شیعرەکانییەوە بە زمانێکی سادەی ئەدەبی وەسیەتەکان و واتاو تێگەشتنی شیعرەکانی بە خوێنەران و گوێگرانی ئاشنا بکات. چەمکەکانی ئێش و ئازار، عەشق کردن، لە خۆبووردن و هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی، لە عەقڵی لاوەکی خۆی دووردەخاتەوە و هەموو ئەوانە بە عەقڵێکی تەواو و بە تێڕوانینێکی ڕاستەقینە هەست پێدەکات و جەختی لەسەر دەکاتەوە.

(سافی هیرانی) چەمکەکانی وەک لێبوردەیی لە ئازار و ناخۆشی، خۆشەویستی، خۆبەختکردن، بەرپرسیارێتی و ...، لە کایە و چوارچێوەی عەقڵی بەشەکی دوور دەخاتەوە و بە منی ڕاستەقینە و عەقڵی گشتی پشتڕاستی دەکاتەوە و دەیانجوڵێنێت. واتای سۆز، و سۆز بۆ ژیان، تێپەڕاندنی ئارەزووە هەستیارەکان، خودی درۆینە، عەقڵانی و گونجاو و ماتریالیست و گەیشتن بە خۆشەویستییەکی بێکۆتایی، کە تێیدا ماددە و ماوەی هیچ کاریگەرییەکیان نییە و دوورە لە بڕیار و پەیوەندییە دونیاییەکان.هەموو ئەمانە ئەو پەیام و ئەوچەمکانەن کە (سافی هیرانی) لە ڕێگای شیعرەوە دەیەوێت بیگەیەنێتە بەرامبەرەکەی.

واتا بەخشین بە ژیان  بەواتای لە خۆبووردەیی و لێبووردنی خودی، و ناخی درۆزن یا ناڕاست لە ناخی مرۆڤدا، واتا تێڕوانینی بەشی لە عەقڵدا، نەک گشت، بە واتای بەرژەوەندی ماددی و گەیشتن بە عەشقی کۆتایی لە ناو ماددە و کاتدا، کە ئەمەش هیچ کاریگەرییەکی نییە و لە دڵوابەستەیی دونیایی دوورە. (سافی هیرانی) لە ڕێگای شیعرەوە هەوڵی داوە چەندین ڕێگا بگرێتەبەر بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کەهەیەتی، کە لە تێڕوانینەکانی (ڤیکتۆر فرانکل)ەوە نزیکە، بەرگەی ئازار و دووری دەگرێت، ڕەنج دەکێشێت، ئازار دەچێژێت لە پێناو گەشتن بە ئامانجەکەی، کە ئەمەش پەیوەستە بە عەقڵی ناوەوەی ئەو، کە عەقڵی لاوەکی دوور خستووە و واتایەکی تری بە ژیانی خۆی بەخشییوە لە ڕێگای دڵوابەستەیی بە ژیان و هەوڵدان بۆ ئامانجەکەی.

### 3-2. واتا بەخشین بە ئازار

بیرۆکەی ژیانێکی بێ مەینەتی بیرۆکەیەکە کە عەقڵ قبووڵی ناکات، بۆیە پرسی یاوەری ئازار بۆ مرۆڤە بیرمەندەکان هاتۆتە ئاراوە و هەموو مرۆڤێک بە جۆرێک ڕوونی کردووەتەوە.

(ڤیکتۆر فرانکل) سەبارەت بە ئازار چەشتن و پێویستی بوونی ئازار لە ژیانی مرۆڤدا لەو باوەڕەدایە کە ئازار و چەشتنی ئازار بەشێکی دانەبڕاوی ژیانە، ئەگەر چی بە شێوەی چارەنووس یا مەرگ بێت، ژیان بە بێ ئازار و چەشتنی ئازار و مەرگ کامڵ نییە و نابێت، هەموو مرۆڤەکان لە ژیانی خۆیاندا بە دەست ئێش و ئازارەوە دەناڵێنن. (فرانکل،١٣٩٢، ل.٨٩). لە تێڕوانینی ئەوەوە، پاڵنەر و ئامانجی سەرەکی ژیان ئەوە نییە دوور بکەویتەوە لە ئازار و چێژوەرگرتن، بەڵکوو گەڕان بەدوای مانادا ئەوەیە کە واتایەکی ڕاستەقینە و تێگەشتنێکی واقیعی بە ژیان دەبەخشێت، ئەم هۆکارانە وا دەکات مرۆڤەکان دەرد و ئازارەکانی کە واتا و ئامانجییان هەیە بەو پەڕی تامەزرۆییەوە بەرگە بگرێت. ((چارەسەری دەروونی نەریتی ئامانجی گەڕاندنەوە و نوێکردنەوەی تواناکانی نەخۆشە بۆ کارکردن و چێژوەرگرتن لە ژیان، کە کردویەتییە سەرەتای ئامانجەکانی خۆی، بەڵام لە چارەسەری دەرمانی جگە لەم مەبەست و ئامانجە، هەوڵەکان بۆ ئەوەیە کە هاوکاری نەخۆش بکرێت بۆ ئەوەی لە مانای ئەو ئازارەی کە بەرگەی دەگرێت و دەیچێژێت جێگرتر و داکوتاوتر بێت))(سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٧٧-١٧٦).

(سافی هیرانی) پەی بە هەمان بابەت بردووە، ئێش و ئازارەکانی دابەشی سەر دوو بەش دەکات، ئازارێک کە بە هۆی عەشقی یار دروست بووە، ئازارێکی تر کە لە دەسەڵاتی خۆی نییە بەڵکوو خوای گەورە بۆی هێناوە. ئەوەی کە جێگای تێڕامانە ئازاری یەکەم ئازارێکە بە تێڕوانینی (سافی هیرانی)دەبێت بەرەنگاری بێتەوە، ئارامی هەبێت، هۆکاری ئەم جۆرە ئازارانە لە ئەنجامی دەروونی سافییەوە دروست بووە، خودی شاعیر هۆکارە بۆ ئەم ئازارە، کە هۆکارەکەشی خۆپەرستی و خۆ بەگەورە زانینە، ئەم جۆرە ئازارە بەشێکە لە واقعیەتی ژیانی مرۆڤ، کە زۆربەی پێوەی گرفتارە، بەڵام ئازار و نارەحەتی دووەم ئازارێکە لە خواوەیە، کە دەبێتە هۆکارێک بۆ باشبوون و خۆ چاک کردن لە ژیاندا، ئازارێکە ئامانجدارە، پێویستە لێی سودمەند بین.((ژیان بە پاڵنەر واتە ژیان لە دونیای ئازاردا، ژیانی بێ پاڵنەر واتە ڕەفتار... ژیان بەبێ ئارەزوو بە بێ ئازار هەمان ژیانە کە خوای گەورە هەیەتی))(خاتمی، ١٣٨١، ل.٢١٩).

**دڵ لە بۆ مەحبووبە دیسان گریەو زاری دەکا**
**وا لەهەردوو چاوەکانی خوێن و ئاو جاری دەکا**
**وا سەراسەر ڕووی زەمینی گرتووە خوێناوی ئەشک**
**دوودی ئاهیش ڕۆژی پۆشی و ئاسمان تاری دەکات**
**زۆر بە ئازارە دڵی زارم لەبەر هیجرانی یار**
**ناحەقە ئاو عالەمە لەوزارە بێزاری دەکا**

( سافی،١٩٧٣،ل. ١٥).

بە تێڕوانینی (سافی هیرانی)عەشق هۆکارێکە بۆ ئازاری دەروونی، ئەم ئازارە وەک دیارییەکە لەلایەن خوای گەورەوە بۆی هاتووە، دیارییەکە کە عەشق پێی بەخشیووە، بۆیە دووری لای (سافی هیرانی) پێچەوانەی مەنتیق بۆتەوە، خۆشحاڵی لای ئەم نەخۆشییە، نەخۆشیش خۆشییە، کەواتە ئازار خۆشبەختی بۆ دەهێنێت ئەمەش حاڵەتێکە کە تاکی ئیماندار لە کاتی ناخۆشی و نەخۆشی دووچاری دڵ تەنگی نابێت، چونکە لە خواوەی دەزانێت و پێی رازییە، پێی وایە خوای گەورە باشتر دەزانێت کە چی بۆ ئەو باشە یان خراپە.

**دەردی دووریم چەشتووە ژەهری فیراقم نۆشییە**
**بۆیە کە خۆشیم نەخۆش و نەخۆشیم خۆشییە**

( سافی،١٩٧٣، ل.٥٤).

یان دەڵێت:

**شەڕ لەگەڵ بەختی بەد و چەرخی کەچ و دونیای دوون**
**مەیکە سافی هیرانی نەفعی وان نابێ بە سەعی و کۆشییە.**

( سافی،١٩٧٣، ل٥٤).

ئەو ئازارە ڕۆحییانەی کە فرانکڵ و (سافی هیرانی) پێشنیاری دەکەن بۆ شوێنکەوتووانی خۆیان کە خۆشیان بوێت و سۆزیان بۆ بێت، دەستکەوتی ڕۆحی و دەروونییان هەیە ئەم تێڕوانینە ژیانی مرۆڤ ئامانجدار و مانادار دەکات، بۆیە پێویستە ئەم هەنگاوانە بنرێت تا دەروون بەهێز بکەن:

**أ-بەهێز کردنی ئارامی:** لە سایەی ئازاردایە کە کرانەوە و هیوای گەیشتن بە گەنجینەی واتا دەدۆزرێتەوە، بە واتایەکی تر جەوهەری واتای ژیان لە چوارچێوەی سەختی و ناخۆشیەکان و ئازاردا دەدۆزرێتەوە.( فرانکل، ١٣٩٠، ل.١٥٩- ١٦٠). وین دایری[6] دەروون ناس دەڵێت،(( وەک چۆن لە خاکی ڕەش و تاریکدا گوڵی لالەی سور شین دەبێت و گەشە دەکات، لە ئازارەکانی خۆتان زویر مەبن کە گەنجینەتان بە دیاری بۆ دەهێنێت))(هاشمی، ١٣٧٩،ل. ٢٢٩). مەبەستی کۆتایی ئەوەیە وەک چۆن دەروون ناسانی چارەسەری بە ڕێگای <<واتا>> باوەڕیان وایە کە هەوڵدان و ماندووبون بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت بە ژیانی مرۆڤەکان واتا دەبەخشێت و ژیانیان واتای دەبێت، بە هەمان شێوە شکست و گرژی پێویستن بۆ ژیان و تەندروستی دەروونی، بە هەمان هۆکارە ئەو مرۆڤانەی کە دوور بینن شکست و کەوتن نایان خات و نا ئومێد نابن، بەڵکوو لە بەرامبەردا ئارام دەگرن و دەیکەنە پیشەی خۆیان و بە هیوا و ئاواتەوە بەردەوامی بە ژیانیان دەدەن و هیچ ئازارێک و نا ئومێدییەک نایان شکێنی و نایان کەوێنێت.

هەروەها (سافی هیرانی) لەم شیعرەیدا رەنج و ئازارێکی زۆری گێڕاوەتەوە، داد و بێداد دەکات، سکاڵا دەکات، هەموو ئەم بەرگە گرتنە لە پێناو گەیشتنە بەو ئامانجەی کە هەیەتی، تا لەو ژیانەی تێیدایە بەردەوام بێت.

[6] Wayne Dyer

**دڵ لەبۆ مەحبوبە دیسان گریە و زاری دەکا**
**وا لە چاوانی خوێن و ئاو جاری دەکا**
**وا سەراسەر رووی زەمینی گرتووە خوێناوی ئەشک**
**دوودی ئاهیش رۆژی پۆشی و ئاسمان تاری دەکا**

( سافی،١٩٧٣،ل. ١٥).

**لە تاوی چاوەکەی مەستت دووچاوم پڕ لە خوێناوە**
**حەنایی پەنجەکەی دەستت بە خوێنم ڕەنگی هێناو**

( سافی،١٩٧٣،ل. ٦٢).

**دەوای وەصل نەبێ اصلاً شیفای دەردی دڵم نایێ**
**لە ڕێگەی خوا عیلاجێکم بکەن تاکوو نەفەس ماوە**

( سافی،١٩٧٣،ل. ٦٢).

**ب- هۆشیاری بەشەکی و فراوانی بیروڕا:** یەکێک لە تایەتمەندییەکانی قوتابخانەی چارەسەری دەرمانی فراوانکردنی دید و بیرکردنەوەی مرۆڤە، ((ئەوەی مرۆڤ دەخاتە سەر ئەژنۆی لە ژیاندا ئازار و سەختی نییە، بەڵکو بێتواناییە لە پێدانی واتا بەو ئازارانە و ئەمەش پەیوەستە بەوەی مرۆڤ چۆن سەیری ئازارەکانی دەکات، ڕۆڵی لۆگۆتێراپیست بریتییە لە فراوانکردنی بواری بینین بە نەخۆش تا واتا و بەهاکان لە مەیدانی بینین و هۆشیاری نەخۆشدا دادەنرێت))(فرانکل، ١٣٩٠،ل. ١٦٦). لە بەرامبەردا لۆگۆتراپی لە هەوڵی ئەوەدایە کە مرۆڤەکان لە حاڵەتی ئازار، سەختی، دوورەپەرێزی وتاڵییەکان دوور بخاتەوە و لە ناخی ئەواندا خۆشبەختی و گەشبینی وبیرکردنەوەی باش لە ناخ و دەروونیاندا بچەسپێنێت. ئەمەش جۆرێک لە هیوا و ئومێد لەلای تاکە کەس و مرۆڤەکان دروست دەکات، ئەو ئازارانەی کە لە دەروونیاندا درووست بووە دەرەوێتەوە و دەیان خاتە حاڵەتی ئاسوودە بوونەوە.

((بەو پێیەی سەرنجی دەروون ئاراستەی شتە دەرەکییەکانە، هەمیشە چاوەکانی بە کراوەیی دەهێڵێتەوە و هەمیشە بەدوای شتێکی ونبوودا دەگەڕێت، چونکە پێی وایە لە عەقڵدا کوێرە و ناتوانێت ناوەوە ببینێت، خۆی بە بەتاڵ دەزانێت. بۆیە بە دوای شتە دەرەکییەکان دەگەڕێت، خۆی پاڵنەر دروست دەکات و دەرئەنجامی ئەم حاڵەتە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە. ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان مرۆڤ بە کەسێک ناودەبات کە بێهیوا بووە و لە نیعمەتەکانی بوون بێبەشە، ڕووخساری ئاستەنگەکان بانگەوازی مرۆڤ دەکات، ئەو کەسەی بێ ئومێد بێت و بێبەش بێت لە نیعمەتەکانی بوون، سەرەڕای شکاندنی، دەگەڕێتەوە دواوە، بەڵام ئەگەر داوای یارمەتی لە دەرەوە نەکات بۆ دەرکەوتنی بەختەوەری، ئەوا ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان نابێتەوە. بوونی پاڵنەر و ئامانج واتای نەبوون و کەم بوونە، لە ئەنجامی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنان لە جیهانێکی پڕ لە قەرەباڵغی و ململانێی دەرەکییەوە)).(ریاحی پور_ بابک_قهرمانی،١٣٨١،ل. ١٢١).

لەم شیعرەی خوارەوەدا(سافی هیرانی) ئەوەمان پێ دەڵێت: کە ناتوانایە لەچارەسەرکردنی ئەو نارەحەتییەی کە بەسەریدا هاتووە، نارەحەتییەک وای لێکردووە توانای چارەسەری کەم بێت، بەڵام شکست لای(ئەم)نەبۆتە هۆکارێک بۆ کۆڵدان و خۆ بەدەستەوەدان، ئاگایی بۆ بەرەنگاربوونەوە زیاتر بووە، چونکە ژیانی خۆش و بێ دەرد و ئازار، یان بەدەست هێنانی شتەکان بە ئاسانی هیچ تام و چێژێکی ژیان ناهێڵێت، لە تێپەڕینی تەمەن و ژیاندا بێ ئاگامان دەکات، هەر ئەم ئازارانەیە وای کردووە (سافی هیرانی)هۆشیاربێت و بوارەکانی ژیانی لەدەست نەدات.
دەڵێت:

**وەکوو یوسف لە زیندانی غەما حەپسی عەزیزێکم**
**لەبۆ تەسکینی جارێ روو لەلای کەنعان نەکەم چبکەم**

( سافی،١٩٧٣،ل. ٢٤).

**ت- دروست کردنی مرۆڤ(مرۆڤایەتی کردن):** بە پێی تێڕوانینی (ڤیکتۆر فرانکل)(( ئێش و ئازار و ناخۆشی باشترین دەرکەوتنی بەهای مرۆڤە. بە تێڕوانینێکی تر، ئێش و ئازار و ناخۆشی پێناسەی سیفەتی کەسایەتی مرۆڤ دەکات و بەهای ڕاستەقینەی پێدەبەخشێت. کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی دۆخێکی حەتمی یان چارەنووسێکی نەگۆڕ دەبێتەوە، دەرفەتی گەیشتن بە بەرزترین بەهاکان و قووڵترین مانای ژیان، واتە دەستی بگات بە ڕەنج کێشان و ئازار. تێڕوانینی تاک بۆ ئازار و ئەو شێوازەی کە بەرگەی ئازارەکانی پێ دەگرێت، گرنگییەکی زۆری هەیە)) (فرانکل،١٣٩٠، ل١٧٥). لە دیدگای (ڤیکتۆر فرانکل)ەوە بەرگە گرتنی ئازار و

سەختییەکان مرۆڤ دەگەیەنێتیە پلەی کامڵ بوون و بەرەوە کامڵ بوونی دەبات. ئەو تێڕوانینێکی عیرفانی بۆ ئێش و ئازارەکان هەیە، تێڕوانینەکانی لەگەڵ تێڕوانینەکانی (سافی هیرانی)نزیکە..

**گریەو زارم لەگەڵ بولبول قیاسی ناکرێ**

**چونکە تا مردن دەناڵم بە ئێش و دەردەوە**

( سافی،١٩٧٣، ل.٥٨).

یان دەڵێت:

**ئێشی زامم وا لە بەینی عالەما مەعلوم بووە**

**گە لە خوێنی چاوەکان و گە لە ڕەنگی زەردەوە**

( سافی،١٩٧٣،ل. ٥٨).

**لۆمەم مەکەن ئەی یاران ئەمر عەشقە بەڵاییەکە**

**لەم حاڵەتە نازانن بۆ دڵ چ جەفاێیکە**

( سافی،١٩٧٣،ل. ٦٣).

(سافی هیرانی) ئێش و ئازار بۆ خۆی دروست دەکات، چونکە ژیانی بێ دەردو ئازار وات لێدەکات تام چێژی شتەکان لەدەست بدەیت، هەر لەم ڕێگایەوە دەتوانین هۆکارەکانی خۆپارێزی دابین بکەین، چونکە دەرد و بەڵا و ئازار هۆکارێکن بۆ پاک بوونەوەی جەستە لە روانگە دینییەکەوە، ئەمەش وا دەکات سەرکەوتووبین لە ژیاندا، ئەمە وایکردووە (سافی) لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکەی بە جەستەی خۆی قوربانی بدات.

**د. ڕووبەڕووبونەوەی مەرگ:** لە تێڕوانینی (سافی هیرانی)یەوە ئێش و ئازار بەشیکە لە مەرگ، کە لە ئەنجامی ئێش و ئازارەکانەوە دروست بووەوە پێک هاتووە. ئەگەر کەسێک بتوانێت بەرگەی ئازارە بچووک و گەورەکان بگرێت، بەتایبەتی ئەو ئازارانەی کەوا مرۆڤ لە ژیانیدا ڕووبەرروی دەبێتەوە، توانای ڕووبەڕوونەوەی بۆ مەرگ ئاسانتر دەکات، وای لێدەکات ئاسانتر و کەم کەم باوەش بۆ مەرگ بکاتەوە.

باوەش کردنەوە بۆ ئازار، ئێش، بەو واتایە نایات کە مەرگێکی ئاسانی هەبێت، ئەم حاڵەتە پەیوەستە بە دەروونی مرۆڤەکان، کە وا بیر دەکەنەوە مەرگێکی ئاسانییان دەبێت.

(( باسی ژیان و مەرگ یەکێکە لە باسەکانی ئەدەبیاتی جیهان و لە هەموو چەرخێکدا نموونەی بەرزی ئەم باسە لە ئەدەبی گەلاندا دەبینین. لای زۆرشاعیری گەلان سەرسامی و خەمناکی و ترس بەرامبەر بەم پەنهانییە دەبینن. تاک و تەراش شاعیری ئەوتۆ دەبینین کە بێ ترس وسام بەرامبەر بەم واقیعە دەوەستن کە لە سەرەتای ژیانەوە مەرگی کردووە بە ئەنجام))(مستەفارەسول،٢٠١٢،ل. ١٤٢). بە کۆی گشتی لە ئەنجامدا زۆرێک لەو شاعیرانەی ئەم بیرەیان پێشکەشکردووە بیری فەلسەفە باڵی بەسەر ئەم باسەیان کێشاوە.

**بەبێ یارم حەیات تەڵخ و ئەجەل شیرینە ئێستاکە**

**لە جەژنا گەر ڕووحی خۆم قوربان نەکەم چبکەم؟**

( سافی،١٩٧٣، ل.٢٤).

(سافی هیرانی)بەرامبەر بە مردن دەوەستێتەوەو دەکەوێتە گومانەوە، وەڵامی خۆی پێ نادرێتەوە، بەڵام هەندێک جاریش بەشێوەیەکی تەسەوفانە وەڵامی ئەوە دەداتەوە کە بۆ مەرگ هەڵدەبژێرێ، ئەگەر مەرگیش هەڵ نەبژێرێت چیبکات.

**تەبیب نەیەیت و دەوای دەردت نەدا چار نییە سافی**

**بەمردن گەر عیلاجی دردی بێ دەرمان نەکەم چبکەم؟**

( سافی،١٩٧٣،ل. ٢٤).

(سافی)دووبارە مەرگی دێتەوە بەرچاو، مەرگێک کە بەهۆی دووری یار و لە ئەنجامی ئازار کێشانەوە دووچاری هاتووە، نەمانی ئارام گرتن وای لێکردووە ڕووبەڕووی مەرگ بێتەوە.

**لە دەردی دووری یاران ئارام و تەسکینم**

**وەرن ساتێ لە ڕێگای خوا بپرسن گریەوشینم**

**نەجاتیم دەن لەئەم دەردە بەمردن یانەخۆ ژینم...**

( سافی،١٩٧٣، ل.٧٩).

هیرمان هسە[7] لەم بارەیەوە دەڵێت، ((ئاواتەخوازم جارێکی تر کەمێک ئازار بچێژم، بەڵام ئازارەکانم لە پێشوو جوانتر و کەمێک شکۆمەندتر بن. بەدوای ئازار و بەدبەختییەکاندا دەگەڕێم و تینووم کە ئامادەمر بکات بۆ مردن))(هسە، ١٣٥٤،ل. ٢٧٧).

**پ- دروستکردنی خۆشی:** (سافی هیرانی) دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە ژیان لەسەر بنەمای خۆشی بونیاد نەندراوە، ژیانێک کە خاڵی بێت لە ئازار، ئێش لەمر جیهانەدا بوونی نییە، چونکە سەرچاوەی بەدەستهێنانی خۆشییەکان لە ئەنجامی ئازارەکانەوە بەدەست دێت، بۆ گەیشتن بە یار دەیتوانی بە ئاسانی پێی بگات، بەڵام گەیشتن بە یار بە ئاسانی بە ئەندازەی ئەو خۆشییەیە کە مرۆڤ لەسەفەردا دەگاتە شوێنی مەبەست، لێرەدا گەیشتن بە یار بە ئاسانی ئەو چێژە نابەخشێت وەک ئەوەی لە پێناوی سەختی ئازار بکێشیت و بچێژیت. دانتە[8] لە سروودی چوارەمدا، "بەرزەخ" دەڵێت: ((چی خۆشییەکە کاتێک کە ڕێبوارێک ئاوڕ لە دوای خۆی دەداتەوە...))(دانتە، ١٣٨٣،ل. ١٠١٧). ئەمەش دوای سەختی و ماندووبونێکی زۆر ئەمەی ووت، چونکە دوای ئەو ماندووبوون و ئازار چەشتنە گەیشتە خۆشی.

**هەرچەند عەجز و مەرارەت هموم دێنێ لە هیجران**

**ئومێد وایە کەلەلای یار بەس بێ لەمەو لاوە**

( سافی،١٩٧٣،ل. ٦٧).

**لە دووریت لذتی من پایەماڵی زیللەتە هەردەم**

**حەیاتم بێ جەماڵی تۆ مەماتی ژینە ئەی یارم**

( سافی،١٩٧٣،ل. ٢٧).

بە تێڕوانینێکی تر دووری یار، مرۆڤ بە کەماڵ دەگەیەنێت، لەمر ڕوانگەیەوە گەیشتن بە قۆناغەکانی کەماڵ ئاسان نییە، بەڵام ئەمر دووری و تاڵی و هیجرانە بۆ (سافی هیرانی)نیشانەی لوتفە، نیشانەی گەیشتنە بە کەماڵ، لە هەمان کاتدا بەمر وەسڵ و هیجرانە سەرچاوەیەکە بۆ بەدەست هێنانی خۆشی دوای گەیشتن بە ئامانج.

**ئەوەندەمر عەجز و شادی، وەسڵ و هیجرانم دیوە ئەی یاران**

**لەرۆژی حەشردا ئەسڵا نە حاجەت جەننەت و نارم**

( سافی،١٩٧٣،ل. ٢٨).

### 2-4. لێبووردەیی و ئارام گرتن

(ڤیکتۆر فرانکل) لەو باوەڕەدایە کە دەبێت مرۆڤ لە بارودۆخە نەگونجاوەکان و ناخۆشەکان و سەختەکاندا بە ئارامی واتایەک بۆ ژیانی خۆی بدۆزێتەوە (فرانکل، ١٣٦٦،ل. ٨). (سافی)بە هەمان شێوە لەو باوەڕەدایە لە ساتە ناخۆش و تەنگەکان و لە بارودۆخە سەختەکاندا، بە ئارامی و لێبوردەیی، کە بە یارمەتی خۆشەویستی بەدەست دێت، مرۆڤ دەتوانێت بگاتە هەلومەرجێکی لەبار، ئەو هەلو مەرجەش بریتییە لە ئارام گرتن، چونکە ئارام گرتن کلیلی کردنەوەی دەرگاکانە بۆ (سافی هیرانی).

**پەردەیی ڕوو هەڵگرە جانا وەفای تۆ سەبری من**

**وەک حەیایی عاشقان قەترێکە با نەتکێتەوە**

( سافی،١٩٧٣،ل. ٥١).

**چاوەکەمر بە دائیم ئینتیزاری تۆ دەکا**

**شەو بە یادی عاریزت یادی گوڵی شەوبۆدەکا**

( سافی،١٩٧٣،ل. ١٩).

---

[7] Hesse, H.

[8] Dante

### 5-2. بەرپرسیارێتی و پابەندبوون

دەرد و ئازار و ناخۆشییەکان بۆ هەر مرۆڤێک و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، پێویست هەر مرۆڤێک ئێش و ئازارەکانی خۆی بدۆزێتەوە و هەڵگری بەرپرسیارێتی خۆی بێت و بیناسێت، لە هەوڵی ئەوەدا بێت بە ئامانجەکانی خۆی بگات. (ڤیکتۆر فرانکل) بەرپرسیارێتی تاکەکس بە هۆکارێک و ێوەندگیری دەزانێت بۆ واتا بەخشین بە دەرد و ئێش و ئازار و گەیشتن بە ئامانجەکانی. بەو واتایەیە کە دەرد و ئێش و ئازار کاتێک بەها و واتا پەیدا دەکات کە تاک بزانێت چی بەرپرسیارەتییەکەی هەیە، دەبێت بزانێت بەرپرسیارەتی و بەڵێن و پابەندبوونی ئەو دەیگەیەنێت بە ئامانجی کۆتایی. لەبەرامبەردا، بەرپرسیارێتی تاکەکسی لە قوتابخانەی چارەسەری <<واتا>>دا زۆر گرنگە(فرانکل، ١٣٩٢،ل. ٨٥- ٨٤).

(سافی هیرانی) بەرپرسیارەتی و بەڵێن بە بەشێک لە ئایین و تەریقەت و وەفای مەعشوقەکەی دەزانێت، وەفایەک کە بەشێکە لە بەهای مرۆڤایەتی، لە بنەڕەتدا ئەم جێبەجێکردنەی بەڵێن لەسەر بنەمای ئازادی و هەڵبژاردن دروست دەبێت، جەبر نییە، بەڵکوو ئارەزوو مەندانە و ئیختیارییە.

**هەرچییەکم بەسەرهات لەو وەفای دڵ بوو جەفایی یار**
**لەبەینی هەردوو لاوە خوێنەکەم وا چوو بەخۆڕایی**

( سافی،١٩٧٣،ل. ٦٩).

لە بەرامبەردا تۆبەکردن و پەشیمانی لە گوناهکردن بە گوێرەی زانستی و رەها، دەبێتە هۆکارێک بۆ رەحمەت، کردنەوەی گرێیەکان، کردنەوەی ئەم گرێیانە و پەشیمان بوونەوە تەنها لە لایەن خواوەیە. ((لە بواری مەعریفە و زانستدا خودا ڕەهایە و مایەی دڵنەواییە. کاتێک گوناه دەکەین، ئەو تەنها دەبێتە ڕزگارکەرمان، هەرکاتێک پێویستمان بە ڕێنمایی بوو، ئەو فریاد رەسمانە))( فرانکل،١٣٩٢،ل. ١٧٨).، بەڵام لە بەرامبەردا (سافی هیرانی)بۆ تۆبەکردن، بۆ کردنەوەی گرێی تۆبە و پەشیمانی روو لە بەغدا دەکات، لەوێوە وەک رزگارکەرێک بۆ (سافی)و داواکردن بۆ لێخۆشبوون لێی بەغدا هەڵدەبژێرێت کە ئەویش (غەوسی گەیلانییە)، بە پێویستی تۆبەکردنی دەزانێت.

**وەرە (سافی هیرانی)تەرکی هەوای دونیایی هیچ و پووچ**
**بە ئیخلاس روو لەبەغداکە مەڵێ بەختم نیگونسازە**

( سافی،١٩٧٣،ل. ٥٢).

### 6-2. واتا بەخشین بە عەشق

فرانکڵ بە دوو شێوە بەدیهێنانی واتا بە مومکین دەزانێت: ((سەرەتا ئەنجامدانی کردارێک یان دروستکردنی کاریگەرییەک، دووەم ئەزموونکردنی شتێک یان ڕووبەڕووبوونەوەی کەسێک، بە واتایەکی تر چارەسەری واتایی نەک لە کاردا، هەروەها لە عەشقدا دەتوانرێت بدۆزرێتەوە)).(فرانکل،١٣٩٠، ل.١٤٦). ئەو عەشق بە هاوشێوەی ویژدان دەزانێت کە شێوەیەکی روونی هەیە، لە لایەکی ترەوە بە شێوەیەکی نا معقول کار دەکات، (( لە ڕاستیدا عەشق بە شێوەیەکی روون، بەدیهی دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا عەشق شتێک بەرجستە دەکات کە هێشتا واقیعیەتی نییە. عەشق ئەو تواناییانەی کە لە حاڵەتی مت بووندایە و بەدی نەهاتووە لە معشوقدا دروست دەکات و دەری دەخات))(فرانکل،١٣٩٠،ل. ٣٥-٣٦). لە تێڕوانینی (فرانکل)ەوە (( عەشق تەنها شێوەیەکە کە بەهۆیەوە دەتواندرێت بە قوڵایی ناخی کەسەکانی تر بگەیت. هیچ کەسێک توانایی ئەوەی نییە پەی بە ناخ و جەوهەری مرۆڤەکانی تر ببات لە رووی ئاگاییەوە، مەگەر لە ڕێگای عەشق. لایەنی رۆحی عەشقە کە ڕێنوێنیمان دەکات تا سیفەتی راستەقینە و تایبەتمەندیەکانی مەعشوق ببینین و تەنانەت ئەو شتەی لە ئەودا بوونی هەیە پێویستە گەشە بکات، هەستی پێ بکەین))(فرانکل،١٣٨٩،ل. ١٧٣).

سێ خاڵ لە گوزارشتەکان و دەربڕینەکانی (ڤیکتۆر فرانکل) مایەی تێڕامانە، یەکەم دۆزینەوەی واتای ژیانی مرۆڤ لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە، دووەم ناسینی خوودی و گەشەکردن و ئامادەکاریی، سێیەم لایەنی بەدیهی عەشق و بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ عەقڵدا. هەروەها (سافی هیرانی) لە رێگەی شیعرەکانییەوە واتایەک بۆ عەشق دەدۆزێتەوە، خۆشەویستی واتا ناسینی خود، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ عەقڵدا بەشێکن لە شیعرەکانی (سافی). لێرەدا لە بری بەکارهینانی وشەی عەقڵ "من" بەکار دەهێنێت، بەو واتایەی کە من لە بەرامبەر دڵ، بیر و هزر لەبەرامبەر سۆز، لێرەدا عەقڵ و دڵ بوونەتە یەک و پێمان دەڵێت:

**من و دڵ ئەمڕۆ ئەو شۆخە لە خۆشی یەک بە دەی کردین**
**لە جامی لەعلی سەرخۆش و موقیمی مەیکەدەی کردین**
**هەتا مەحشەر خومار و مەستی ناز و نەشئەی کردین**
**بە غەمزەی چاوی مەخموری سیاهی مەستی مەی کردین**
**بەماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین**

( سافی،١٩٧٣، ل.٣٧).

**دووبارە لە بەر یەک کەوتنی عەقڵ پێمان دەڵێت:**
**سەبەب چییە ئەی دڵی دێوانە دووبارە پەشێواوی**
**لە عەقڵ و فەهمەوە دەرچووی، لە عەیب و عارە وا ماوی**
**مەگەر مەحکوومی یاری یا لەبەر ئیعدامێ ترساوی**
**وەکوو کوشتەی قەساب ئەی دڵ چییە وا غەرقی خوێناوی**
**لە گۆشەی بێ کەسی دائیم لە غەمدا مات و داماوی.**

( سافی،١٩٧٣، ل.٧٤).

(سافی هیرانی) لەم ڕێگایەوە واتا دەبەخشێتە عەشق، لێرەوە ئامۆژگاری ڕەها کردووە، هەموو عەشقێک لەبەرامبەر ئەم عەشقەدا بە هیچ دەزانێت.عەقڵ ناتوانێ چارەی بکات جگە لە یار کە بەرامبەر بە دڵ دەوەستێتەوە.

بە تێڕوانینی (ڤیکتۆر فرانکل) مرۆڤ هەمیشە بە دوای واتاوەیە، واتە دۆزینەوەی واتا بۆ ئەو بارودۆخەی تێیدایە، لەسەر ئەم بنەمایە دەڵێت: (( مرۆڤ هەرچەند زیاتر لە خۆی ڕزگاری بێت و زیاتر سەرنجی لەسەر کەسێک یان مەبەستێکی تر چڕ بکاتەوە، زیاتر کامڵتر دەبێت)).(فرانکل، ١٣٩٨، ل.٧٩). خۆناسینی ڕاستەقینە دەبێتە هۆکارێک بۆ کامڵ بوونی مرۆڤ و کۆتاییەکی ئارام بۆی.

خۆناسین لای (سافی هیرانی) بەشێکە لە بەخشینی واتا بە عەشق، لە لایەکی ترەوە بە بەشێک لە جەوهەری مرۆڤی دادەنێت؛ لەگەڵ ئەم تایبەتمەندییەدا ناخی مرۆڤی عاشق گەشە دەکات و بەرەو پێشەوە دەڕوات، بەهرەکانی گەشە دەکات؛ لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە مرۆڤ بەرەو کامڵ بوون دەبات و وای لێدەکات بە قەزاوقەدەری خوای گەورە ڕازی بێت.

**بۆ غارەتی مڵکی دڵی عوشاقە دیارە**
**تابوری غەمی کۆیە زیاتر لە هەزارە**
**تەسلیمی قەزا لازمە یاران نییە چارە**
**چونکی لەسەر ئەم جەمعە قوماندانە دڵی من**

(سافی، ١٩٧٣، ل.٣٧).

### 7-2. ئایین، وەڵامێک بۆ بەخشینی واتا بە ژیان

بە تێڕوانینی (ڤیکتۆر فرانکل) ئایین تێگەشتنی قوڵ و فراوانی هەیە، تەنها بە باوەڕ و تێڕوانینی پێڕەوان و دۆگماتیستەکاندا[9] سنووردار نییە (فرانکل،١٣٩٠، ل.١٦). هەروەها تێڕوانین و بۆچوونی وەهایە کە (( ئەگەر دەتەوێت خەڵکی باوەڕ و ئیمانیان هەبێت، نابێت خاوەنی یەک وتاری تایبەتی بێت، سەرەتا دەبێت خوای خۆت بە جۆرێک وەسف و پەسن بکەیت کە باوەڕی تەواو و بەدەست هاتووت پێی بێت، و هەروەها دەبێت خودی خۆت بە باوەڕەوە کار بکەیت. بە واتایەکی تر، دەبێت بە ووردی بە پێچەوانەی ئەوانە کاربکەیت کە زۆرینەی نوێنەرانی دین ڕێکییان خستووە))(مولوی، ١٣٧٥، ل.١٧). بەڵام (سافی هیرانی) ناسینی دین لە (خوا)دا دەبینێت، قودرەتی دین لای (ئەم) لە قودرەتی خودایە ، خودا لای ئەم میحوەرە، بۆیە ناسینی خۆشییە بۆ دڵ و دەروونی مرۆڤ، لە ئاگایی و نا ئاگایی سافیدا دین بوونی هەیە، ئەو باوەڕە دینیەی کە هەیەتی لە نائاگاییدا ئەو کەشە ئاینییە بووە کە

[9] dogmatic, dogmatist.

لەناو بنەماڵەکەیاندا بوونی هەبووە، بۆیە کاتێک کە بە ئاگادێت گۆڕانکاری سەرەکی بەسەردا هاتووە، ئەم گۆڕانکارییەش بە ڕوونی لای (سافی هیرانی)دیاردەکەوێت:

**هەرکەس کەلەهەر جێ یە، هەرێیکە بە نەوعێ یە**

**هەرسەر لە هەواێیک و هەرسینە سەداێیکە**

**ویش قودرەتی عظمایە، بۆ مەعریفة اللەیە**

**ناسینی لەئەودایە، زانینی سەفاێیەکە**

(سافی، ١٩٧٣،ل. ٦٤).

(ڤیکتۆر فرانکل) لەو باوەڕەدایە مرۆڤ بە نائاگایی خۆی بە جۆرێک لە جۆرەکان خودا میحوەر یان دین میحوەرە و بە نا ئاگایی دینی ناوی دەبات. لە نائاگایی ئێمەدا ئەم باوەڕە دینیە بوونی هەیە، کە پەیوەندی بە هەستی مرۆڤەکانەوە هەیە، لە کاتێکدا دەبێنیت ئەو هەستە بە ئاگا دێت و کەسەکە گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەردا دێت.(( نائاگایی دینی یاخوود نائاگایی رۆحی، زیاتر بە هەستی رۆحی مرۆڤەوە پەیوەستە تا بە واقعیەتی دەروونی جەستەیی))(فرانکل،١٣٩٠،ل. ٦٦). هەروەها سەبارەت بە روونکردنەوەی ئەم بابەتە ووتوویەتی: (( ئایینداری نائاگایی دەبێ بە شێوەیەکی پەیوەندیدار بشاردرێتەوە یان لە خودی خۆی وەربگیرێت کە ئەمەش لە مرۆڤدا سروشتییە، ئەم تێگەشتنە بە تەنها بەو واتایە دێت کە مرۆڤ هەمیشە پەیوەندییەکی سروشتی لەگەڵ خودا هەیە))(فرانکل،١٣٩٠، ل.٦٢).

بەرزترین شێوەی خواناسی، خواناسییەکی راستەوخۆ و بەدیهیی و سروشتییە، لەم نێوانەدا << گفتگۆ و مجادلە لەگەڵ خوای گەورە>><<دژی خودا گفتووگۆ کردن>> جیاوازییان هەیە.(سافی هیرانی) راستەو خۆ قسە لەگەڵ خودا دەکات، ئەم قسەکردنەش لەڕێگای دوعاوەیە، پەیوەندی نێوان ئەم و خودا سروشتییە، مجادەلەی خوای گەورە بەم شێوەیە دەکات و دەڵێت:

**یارەب کە تۆ غەفاری، لەو ئومەتە مختاری**

**عەفوی کە گوناهکارێ لای تۆ پەڕەکاێیکە**

(سافی،١٩٧٣،ل. ٦٥)

لابردنی واستە لێرەدا واتای استدلال کردنە بە خودا لە رێگەی عەقڵەوە، کە ئەمەش گونجاوە و جێگای باوەڕە. لێرەدا دین دەبێتە دۆزینەوەی واتا، هەروەها واتایەک دەبەخشێتە ژیان لە رێگای فرە وتاری (سافی هیران)یەوە.

لەلایەکی ترەوە باسکردن لە زاهید دەچیتە قاڵبی فیرقە گەراییەوە، کە ئەمەش دین میحوەری بەرتەسک دروست دەکات، ئەم تێڕوانیناش بە هۆی لەدەست دانی بیرکردنەوە و تێڕوانینی وردە.

**طعنی مەدە لەو هەستیە لەو مەستیە زاهید**

**بۆ رەندیی من کافییە ئەو چاوە خومارە**

(سافی ،١٩٧٣،ل. ٤٩).

ئەو تێڕوانینانەی لەسەر بنەمای فیرقەگەرایی دروست بوونە زیان زۆر بەئایین دەگەیەنێت، هۆکارێکە بۆ دوورکەوتنەوە لە دین، ئەم دورکەوتنەوەیە زۆرجار دەبێتە واتایەک بۆ دۆزینەوەی واتاکانی ژیانت هەرچەند سەرەتا بە ئازاریش بێت، ئازارەکان مرۆڤ پوخت دەکەنەوە و دایدەڕێژنەوە، لە پاڵ ئاییندا دەبنە وەڵامێک بۆ ژیان.

## ئەنجامەکان

لە کۆتاییدا بەم خاڵانەی خوارەوە گەیشتین:

1-تیۆری لۆگۆتراپی لەلای فرانکڵ و شیعرەکانی (سافی هیرانی)دا، بە شێوەیەکی ئەرێنی ئازار و سەختییەکان بەدیدەکرێت و هەردووکیان بەرگەگرتن و لێبوردەیی بەرامبەر بە سەختییەکان بە فاکتەری پێگەیشتنی مرۆڤ و ئامرازێک بۆ کامڵبوونی مرۆڤ دەزانن. نزیک بوونەوەی زیاتر لە ئازار و سەختی دوورکەوتنەوەی زیاترە لە خۆشییەکانی دونیا.

2-بوونی ئێش و ئازار بە تەنها بەس نیە بۆ کامڵ بوونی مرۆڤ، بەڵکوو لەپاڵ ئازار دەبێت مرۆڤ ئارامی هەبێت و هەموو بوارەکان تاقی بکاتەوە. لە بەرامبەردا دەبێت گەشبین بێت بە داهاتووی خۆی، دەرگاکانی ئومێد لە خۆی دانەخات، ئومێد بە دوارۆژ و ئومێد بە رەحمەتی یار لای (سافی هیرانی) ئارامی زیاتری پێ بەخشیوە.

3-ئەو بەر پرسیارەتییەی کە (ڤیکتۆر فرانکل) و (سافی هیرانی)باسی لێوەدەکەن ئەوەمان پیشان دەدا کە لە بەرامبەر رەفتارەکانی خۆی و هەڵسوکەوتەکانی لە ئاگاییدایەو بەرپرسن لە بەرامبەر رەفتارەکانی خۆیان، دەبێت وەڵامیشیان بۆ ئەو ڕەفتارانە هەبێت.بەرپرسیارەتی واتا دەبەخشیتە ژیانی مرۆڤ، چونکە مرۆڤی گوناه کار هەست بە تاوانەکانی خۆی دەکات و خودی خۆی بە هۆکاری ئەو ئازارە رۆحییە دەزانێت، بۆیە ئەمە واتا دەبەخشێتە ژیانی و دووبارە بە ئاگای دەهێنێتەوە.

4-یەکێکی تر لە داهێنراوەکانی (ڤیکتۆر فرانکل) و (سافی هیرانی)واتا بەخشینە بە عەشق، عەشقە مانا دەبەخشێتە ژیان، بە تێروانینی ئەوان عەشق توانەوەیە لە ناو خوود، واتا بزربوون لە ناو سیفاتەکانی، گرنگی دانە بە کەسانی تر، ئەمر گرنگی پێدانەش مەرج نییە رەگەزی بەرامبەر بێت، بەڵکوو دەکرێت جیاواز بێت، وەک عەشقی تەریقەت و شێخ و .. بەڵام لای (سافی هیرانی) عەشق توانەوەیە لە تەریقەت و قوتب، رێگایەکە مرۆڤ لە سیفەتە مرۆڤییەکەی دەردەچێت و لە ناو سیفاتەکانی خوای گەورە و قوتب دەتوێتەوە و تێکەڵ دەبێت. رێگایەکە دەچێتەوە ناو زاتی ئیلاهی و رابەر، چونکە پێی وایە توانەوە و تێکەڵ بوون و توانەوە و بزربوون جگە لە ناو شێخی تەریقەت و خوای گەورە هەموو پووچە.

5-ئەگەر تەماشای تێروانینە عیرفانییەکەی (ڤیکتۆر فرانکل) و (سافی هیرانی) بکەین سەبارەت بە عەشق ئەوا دەبینین ژیان ئاماجێکی باڵاتری لە مادییات هەیە، لە دیاردەکان و جیهانی مادییەت بەرزتر دەڕوات کە زۆر جار سنوری عەقڵ دەبەزێنێت، چونکە توانەوە لە زاتی خودا دەبێتە سڕینەوەی خوودی تاکەکەس، کە ئەمەش گەیشتنە بە ژیانی هەتاهەتایی، بۆ گەیشتن بەمر حاڵەتە دڵێکی پاکی دەوێت، چونکە بێ دڵی پاک ناتوانرێت بگاتە ئەو حاڵەتە، لە هەمان کاتدا عەقڵ لەبەرامبەر ئەمر حاڵەتەدا دەستەوەستانە.

واتا بەخشین بە ژیان لە ئەنجامی بوونی ئازارەوە بە دی دێت، لای (سافی هیرانی) بە دینداری و خواناسین بە دی دێت، چونکە بەرگەگرتنی ئازار لە ئەنجامی شەوق و ئارەزووی زۆرە بۆ گەیشتن بە یار، بەرگەگرتنی ئازار لە ئەنجامی خۆشەویستی خوایە، گەیشتنە بە دیداری ئەو، لە لایەکی ترەوە ئێش و ئازار و بەرگەگرتن هۆکارێکی گرنگە بۆ دڵوابەستەیی بۆ ژیان.


**سەرچاوەکان:**

**کوردی:**

- مستەفا رەسوول، عیزەددین.(٢٠١٢)،مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی یەکەمر، سلێمانی.
- سافی، هیرانی.(١٩٧٣)،دیوانی شیعری، چاپی سێیەمر، هەولێر، چاپخانەی کوردستان.

**بەزمانی فارسی:**

- خاتمی، محسن راز.(١٣٨١)، عەشق، تهران، نشر آویژه.
- دانته، الیگیری.(١٣٨٣)، کمدی الهی، ترجمە فریدە مهدوی دامغانی، تهران. تیر.
- ریاحی پور، بابک و فرشید قهرمانی.(١٣٨١)، عەشق، رقص زندگی، تهران، نشر آویژە و نگارستان کتاب.
- شولتس، دوان.(١٣٨٨)، روان شناسی کمال. ترجمە گیتی خوشدل. تهران، پیکان.
- (ڤیکتۆر فرانکل)، ویکتور امیل.(١٣٦٦)، پزشک و روح. ترجمە فرخ سیف بهزاد، تهران، ویس.
- ڤیکتۆر فرانکل)، ویکتور امیل.(١٣٨٨)، فریاد ناشنیده برای معنی. ترجمە مصطفی تبریزی وعلی علوی نیا، تهران، فراروان.
- (ڤیکتۆر فرانکل)، ویکتور امیل.(١٣٩٠)، انسان در جستوجوی معنای غایی. ترجمە احمد صبوری و عباس شمیمر، تهران، آشیان.
- (ڤیکتۆر فرانکل)، ویکتور امیل.(١٣٩٢)، معنادرمانی. ترجمە میهن میلانی. تهران، درسا.
- ڤیکتۆر فرانکل)، ویکتور امیل.(١٣٩٨)، انسان در جستوجوی معنا. ترجمە نهضت صالحیان و میهن میلانی، تهران، درسا.
- مولوی، مولانا جلالدین محمد بلخی.(١٣٧٥)، مثنوی معنوی.تصحیح رینولد الن نیکلسن، تهران، توس.
- هاشمی، جمال.(١٣٧٨)، سعدی و روان شناسی نوین. تهران، شرکت سهامی.
- هسە، هرمان. (١٣٥٤)، گرگ بیابان. ترجمە کیکاووس جهانداری، تهران، بنگاه ترجمە و نشر.

**أهمية الحياة عند صافي هيراني في ضوء نظرية فيكتور فرانكل**

**سيوان محمد طاهر**

قسم الغةالكردية، كليةالتربية،شقلاوة، جامعة صلاح الدين-

أربيل،أربيل،اقليم كوردستان،العراق

Saewan.mt@gmail.com

**الملخص**

يحرص صافي الهيراني في قصائده على الاكتشاف والتشجيع والشوق والتعلق بالحياة إلى جانبه الروحي. يحاول إزالة العوائق التي تمنع سالك من الوصول إلى الجانب الروحي، حيث تحمل الألم وتحمل المسؤولية والحب الحقيقي والإيمان المطلق بالله هي طرق الوصول إلى التصوف روحياً.

تتوازى آراء صافي هيراني الصوفية مع آراء فيكتور فرانكل في علم نفس العلاج بالمعنى. ولذلك تم في هذا البحث من خلال المنهج الوصفي تحليل نوع المكتبة والاعتماد والحياة في أشعار (صافي الهيراني) على أساس العلاج الطبي والمنظور النفسي للعلاج بالمعنى (فيكتور فرانكل).

بالنسبة لفيكتور فرانكل وصافي هيراني، فإن المعنى الطبي والتعلق يأتي ويذهب في حياة الإنسان. ويتحقق معنى الحياة هذا نتيجة للألم. وبالنسبة لصافي هيراني، فإنه يتحقق من خلال الدين ومعرفة الله، وتحمل الألم هو نتيجة ل رغبة كبيرة في الوصول إلى صديق، ومن ناحية أخرى فإن الألم والتحمل من العوامل المهمة للتبعية والحياة.

**الكلمات المفتاحية:** صافي هيراني، عرفان، معنى التعلق والحياة، فيكتور فرانكل، العلاج الطبي.

**Dependence and Life in Safi Hirani in the Light of Victor Frankl's Theory**

**Seewan Mohammed Taher Bebane**

Department of Kurdish Language, College of Education- shaqlawa, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

Saewan.mt@gmail.com

**Abstract**

In his poems, Safi Hirani is eager for discovery, encouragement, longing and attachment to life alongside his spiritual side. He tries to remove the obstacles that prevent Salik from reaching the spiritual side, where enduring pain and taking responsibility, true love and absolute faith in God are the ways to reach mysticism

Safi Hirani's mystical views are parallel to Victor Frankl's views of logotherapy psychology. Therefore, in this research, through the descriptive method of analysis of the type of library, dependence and life in the poems of (Safi Hirani) based on medical treatment and the psychological perspective of logotherapy (Victor Frankl) is presented.

For Victor Frankl and Safi Hirani, medicinal meaning and attachment come and go in human life. This meaning of life is achieved as a result of pain. For Safi Hirani, it is achieved through religion and knowledge of God endurance is the result of a great desire to reach a friend. On the other hand, pain and endurance are important factors for dependence and life.

**Keywords:** Safi Hirani, Irfan, Meaning of Dependence and Life, Victor Frankl, Medical Treatment.

.